کۆمیسیۆن: زیاتر لە 70 پارت و هاوپەیمانیی سیاسی بە بەشداری لە هەڵبژاردنی داهاتوو خۆیان تۆمار کردووە

کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق ئاماژە بە ژمارەی پارت و لایەنە سیاسییەکان دەکات، کە تا ئێستا خۆیان بە بەشداری لە هەڵبژاردنی داهاتوو تۆمار کردووە.

شەممە، 26ـی نیسانی 2025، عیماد جەمیل، سەرۆکی تیمی ڕاگەیاندن لە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق ڕایگەیاند، تاوەکوو ئەمڕۆ، زیاتر لە 70 پارت و هاوپەیمانیی سیاسی بە بەشداری لە هەڵبژاردنی داهاتوو خۆیان لە کۆمیسیۆن تۆمار کردووە.

عیماد جەمیل ئاماژەی بەوەش کردووە، 60 هاوپەیمانیی سیاسیی پێشتر لە کۆمیسیۆن خۆیان تۆمار کردووە و لە ئەگەر زیادبوون یاخود کشانەوەی هەر پارتێك لەنێویاندا، دەتوانن زانیارییەکانیان نوێ بکەنەوە.

سەرۆکی تیمی ڕاگەیاندن لە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق جەختیشی کردەوە، دروشمی هاوپەیمانییە سیاسییەکان نابێت تائیفی بێت، بەڵکوو دەبێت لەگەڵ پێوەرەکانی کۆمیسیۆن

بگو نجات.